# زەنگێ بەرلە هەڵبژاردن

ئەنوەر علی محمود /ئەڵمانیا

دەمێکە ئێمەش وەك هەموو نەتەوەکانی دنیا , ئاشناین بە ووشەی دیموکراتی و تەنانەت بووەتە وێردی ڕۆژنامە و گۆڤار و قەولی یەك لەدوایەکی پارتەکانیش ..بێ ئەوەی وەکو پێویست یان وەك پاکایەتی ووشەکە بگەینە پانتاییە سەوزەکانی دیموکراتی و هەڵس و کەوتی پێ بکەین .. یا بیکەینە سەرقەتاری مامەڵە کردنمان بۆ ژیان , چ لەناو خێزاندا , چ لەناو کۆمەڵ دا , چ وەك تاك و چ وەك دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆی ووڵاتیشمان ..جێ ی داخە تەنها وەك ووشە , ئێمە ئاشناین ، ئەگەر چی نزیك بوونەوە لەووەرزەکانی بەدیموکراتی ڕووانین بۆ ژیان هەنگاوێکی نوێ ی شارستانیانە بەژیان دەبەخشێ و پاشانیش گۆڕانێکی تەواو بەکۆمەڵ و ئاستی بەرەو پێش چوونی ووڵاتیش وەدەر دەخا ..!ڕۆشنبیری وەهەموو ڕەنگەکانیەوە , دەهاوێژێتە ناو کۆمەڵ و کۆمەڵیش لەوێوە لەپەنجەرە ڕۆشنەکانی ئاسۆ و ئایندە دەڕوانێ ..خۆ گەر چ زوو , ئێمە خورەمی بەدیموکراتی بوون بهێنینە ناو کێڵگەکانی خۆمانەوە .. ئەوە هەزار ئەوەندە .. ئیتر ڕۆشنبیری و دەسەڵاتی نوێ و هیوای سەوز دەڕژێننە ئایندەمانەوە ..خۆ گەر پێچەوانەش مامەڵە بکەین ئەوا دەبین بەدوو هێڵی تەریب و هەرگیز ناگەین بەچکۆڵەترین ئاسۆ .. بەڵێ خوێنەری ئازیز پێم خۆشە نمونەیەکی سەوز و زیندوو بهاوێژمە تەنووری ئەم نوسینەوە .. ئەویش ڕێکەوتنەکەی یەکێتی و پارتی یە کە لە ڕۆژی 1/ 12 /2004 دا وەئاشکرا باسیان لەدابەش کردنی کورسیەکان دەکرد و بێ ئەوەی کەس ئاگادار بێ .. یان هەر لەپشت پەردەوە هەموو شتەکان تەواو ئەنجام درا ..ئالێرەوە ئاوێنە شکاوەکان ڕمۆزنیەتی نا شارستانیەت سەرەتاتکێمان لەتەك دا دەکا ..گەرچی من وەك تاکێکی ئەو کۆمەڵە بێ گومان .. هەر دانیشتن و ڕێکەوتنێك , گەر بەدەربەنیدیموکراتیدا بڕوا پێم باشە ئەگەر چی ڕێکەوتن و هەڵکردنی چرای برایەتی حەز و وویست و تکای زۆرینەی کۆمەڵیخەڵکی کوردستان بوون .. بەهەرحاڵ ئەوان دوور لە ئاگایی و دوور لەخۆشەویستی هاوڵاتیان هەمیشە بڕیاریان داوە ..بێ ئەوەی حیساب بۆ هاوڵاتیانی خۆیان بکەن .. بێ لەحاڵەتی تەنگانە و دنیایی دژوار هەمیشە گوێ بیستی میلەت دەبن ..بەڵگەشم ، وا سەرەتای ڕۆژگاری هەڵبژاردنە و با ببینین چەن وەتاسەوە خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ گەل دەردەبڕن .. ئەگەر من پێم وایە لەمبارودۆخەدا , ئاکامی هەڵبژاردن ئاکامێکی باش نابێ .. چۆن وا تەواوی خوارووی ووڵات لەنائارامی دا دەژین و هەر ڕۆژەییەجۆرێ شایلۆغانی خوێن و کوشتنمان گوێ لێ دەبێ ..!هەرچەندە من خوازیارم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەڕاشکاوی و خۆشەویستیەوەهەنگاو بەرەو هەڵبژاردن بنێن .. دڵە ڕاوکێ و گومانیان بخەنە پشت گوێ و , بەشداری پرۆسەی ئازادی و دیموکراتیبکەن , بەڵکە ئاکام ئاکامی ئاوێنە پاکەکانی دڵی کۆمەڵانی کوردستانیان بێت ئەوانیش هۆشێ تر بەخۆیان بەخشن وچیتر زێتر پێ داگرن لەجیابوونەوەی سنووری کوردستان و ئاوڕدانەوە لەئاوارەکان و ساغ کردننەوەی خۆشەویستی نەتەوایەتی

لەسینەی هەر یەکێکیانەوە ..
دوا جار ئاسودەبێ ووڵات ..
شین تر بێ هەنگاوی دیموکراتی و شارستانیەت ..
بن بڕ تربێ .. کاری گەندەڵی و ..
تیژ تر بێ بروسکەی پاکتاوی فەرمانبەرەکان و
بەخوڕ تر بێ .. بارانی خزمەت کردنی ..
کەس و کاری شەهیدان ..!
دوا جار دنیای زبر و گلەییم .. بەخۆشەویستی و دڵسۆزی وەربگرن .